خورشید هەرکی: کۆشەکە کۆتاییهات و ئەمە هاوڵاتی ئەم وڵاتە و پێشمەرگەی حکومەتین

خورشید هەرکی کەسایەتی دیاری عەشیرەتی هەرکی،رایگەیاند "ئێستا کۆشەکە کۆتاییهات و ئەمە هاوڵاتی ئەم وڵاتە و پێشمەرگەی ئەم حکومەتە و جەنابی سەرۆك بارزانین".

 هەرکی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەشاری هەولێر رایگەیاند، ئەو روداوەی کە رویدا کارەساتێکی گەورە بو، لەبەرئەوە هانامان بۆ سەرۆك نێچیرڤان بارزانی برد، کە کارەساتەکە لەوە زیاتر گەورە نەبێت، سوپاس بۆ خوا بەزوترینکات هاتەسەرخەت و ئەو کۆشەیە چارەسەربو، زۆر هەوڵیشماندا نەگاتە ئەو ئاستە بەڵام گەیشتە مریشکە رەشە.

وتیشی، "ئێستا کۆشەکە کۆتاییهات و ئەمە هاوڵاتی ئەم وڵاتە و پێشمەرگەی ئەم حکومەتە و جەنابی سەرۆك بارزانین، دوێنێ بەرگریمان لەو خاکە کرد لەبەرامبەر داعش، ئەوەی ئێستاش رویدا لەناکاو بو، ڕێی سەرکی هەرمیش ڕێکی کاریگەر بو، داوای لێبوردن لەسەرکی هەرم دەکەم ئەگەر ماندو و عاجزمان کردبێت".

ئەوەشیخستەڕو، "گرەنتی سەرکی هەرەم و سەرکی حکومەتە، گرەنتیەکەش بە کشەکە ئەوەیە لیژنە پکهێندراوە و ئەو کشەیەی کە روداوەکە لەسەری رویداوە چارەسەرکراوە، لکتنەگەیشتن رویداوە و ئەوەی رویدا دوبارە نەبتەوە".

خورشید هەرکی ئاشکرایکرد، "پشمەرگەی کوردستان هەرکاتك چەکی هەگرت و بریاری پشمەرگایەتیدا ناوەکەی بەخیەوەیەتی و لەهەرکات و ساتك مەرگی لەپشە و ئەوانەشی گیانیان لەدەستداوە حکومەتی هەرمی کوردستان هەمویان وەکو شەهیدی ئەم وتاتە هەژمارەکات، لەروی عەشایەریەوە ئمە بەهانای یەکتر دەچین بیر لەوە ناکەینەوە شەهید دەبین یان نا، برای ئەو کەسەی گیانی لەدەستدا هەرئەوکات سەردانیکردم و وتی وای دادەنین لەپناو خاك و نیشتمان براکەم شەهیدبوە".

خورشید هەرکی رایگەیاند، "سەرك بارزانی ئەمر دەکات و من لەسەر ئەمری سەرك بارزانی کتاییم بەکشەکە هنا، من پشمەرگە و خزمەتکاری سەرکم و مردنم لەپناو سەرك بارزانیە".